https://doi.org/10.26682/chjuod.2021.24.1.5

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 78-91، 2021 (ژمارەكا تایبەت)

كونفرانسێ زانستی یێ نیڤدەولەتی یێ دووێ،پشكا مێژوو–كولیژا زانستێن مروڤایەتی–زانكویا دهوك–رێكەفتی 24-25 شوبات، 2021

# رەگ وریشەی رەچەڵکی کورد لەبەررۆشنایی سەرچاوەکانی میژوودا (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکاری شیکاریە)

فاتیح عەبدوڵا موحەمەد

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان–عیراق

*((مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤكرنێ: 23 شوبات، 2021))*

## پوختە

نەتەوەی کورد وەک گەلێکی دێرین ورەسەنی رۆژهەڵاتی کۆن. بەیەکێک لەنەتەوە لەپێشنیەکانی ناوچەکەو جیهان دادەنرێت. لە سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانیەتی مرۆڤایەتیەوە رۆڵ وکاریگەری خۆی هەبووە لەبەشداری کردن وبنیادنانی ژیاری مرۆڤایەتیدا. هەرلەسەرەتای دەرکەوتنی بنەماکانی نەتەوە، وەک خاک و ئاو وزمان ومێژووکلتوروئاین و خەڵک، ئەم نەتەوەیە بوونی خۆی سەلماندوە، وەک نەتەوەیەکی خاوەن خاک ورەگەز وناسنامەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە. دیارە رەگ ورشیەی ئەم نەتەوەیە لەناوەندە زانستیە جیهانیەکاندا مشتومڕی زۆری لەسەرکراوە، کەهەندێکیان بۆسێ هەزارساڵ پیش زاینی دەگێڕنەوە وهەندێکیان بۆهەزارەی یەکەمی پ.ز بەتایبەتی سەردەمی میدیەکان، هەروەها هەندێ بەئاری نەژادو هەندێکی کە بەخەڵکی رەسەنی ناوچەکەی دادەنێن. لەگەڵ ئەمانەشداچەندین تێوروبۆچونی تریش هەن لەسەردیاری کردنی رەگ و ریشەی نەژادو رەچەڵکی کورد. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت شرۆڤەی بابەت وگریمانە و تێوریەکانی نەژادی کورد بکرێت. کە لەمەوپێش لەلایەن رۆژهەڵاتناس ورەگەزناس و مێژوونوسەکانەوە بۆکورد دانراوە ولێکدانەوەوبۆچوونی زۆریان لەسەر خستۆتەروو. ئامانج لەم توێژینەوەیەش لێکدانەوە وتەتەڵەکردنی زانستیترین تێوریاو بۆچوونە لەسەر نەژادی کورد، بەپێی سەرچاوەی زانستی وبەڵگەی باوەڕپێکراوی شووێنەواری وبایۆلۆژی ورەگەزناسی. لێرەدا هەوڵ دراوە بۆچوونی نوێ بخرێتەروو بۆساغ کردنەوەوسەلماندنی ئەوراستیانەی لەسەر رەچەڵەکی کوردهەن، کە تائەمڕۆش باس وخواستی زۆری لەسەرئەکرێت. توێژینەوەکەش لەدووبەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم: رەگ ورەچەڵەکی مرۆڤ وکورد: باسی یەکەم: رەچەڵەکی مرۆڤ: باسی دووەم: تاوتوێکردن ولێکدانەوەی تێوریاکانی پێشترلەسەرنەژاد و رەچەڵکی کورد. بەشی دووەم: تێوری نوێی زانستی وشیکاری ولێکدانەوەی نەژادی کورد. باسی یەکەم : تێوری نوێ لەسەر نەژادی کورد. باسی دووەم بۆچوونی نوێ لەسەر نەژادی کورد.

**کلیلی وشەکان:** مێژووی دێرین، رەچەڵکی کورد، رەگوڕیشەی نەژادی کورد.

## بەشی یەکەم: رەگ ورەچەڵەکی مرۆڤ وکورد

### باسی یەکەم: رەچەڵەکی مرۆڤ:

مرۆڤ وەک کایەیەکی سەرەکی ژیان ماوەیەکی یەکجار دووررودرێژە پێی خستۆتەسەر زەوی وتوانیوێتی وردەوردە گەشەبەژیان ولایەنی ژیری خۆی بدات. لەگەڵ پێشکەوتنی زانست وتەکنۆلۆژیادا، تاکوئەمڕۆش بیروڕای جیاواز هەیە سەبارەت بەپەیدابوونی مرۆڤ لەسەر زەوی. سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەیەکی یەکجارزۆریش کراوە لەمەڕرەگ ورەچەڵەکی مرۆڤ وپەیدابوونی مرۆڤ ودەرکەوتن ودرستبوونی وگەیشتنی بەم شێوەیەی ئێستای. لەئێستادا چەندین تێور هەن باس لە چۆنێتی پەیدابوونی مرۆڤ دەکەن. لێرەدا ئەتوانرێت بکرێت بە دوو بەرەی جیاوازەوە بەرەی یەکەم ناودەنێین بەرەی زانستی وبەرەی دووەم بەبەرەی ئاینی دادەنێین چونکە لەدیاری کردنی رەچەڵەکی نەتەوەی کوردیشدا دیسان پشت بەم دووتێورەبەستراوە. بەرەی یەکەم: تێوری زانستی، سەرجەم زانستەکانی رەگەزناسی وبایەلۆژی وشووێنەوارناسی ومێژوو



fatihabdullah985@gmail.com

وکۆمەڵناسی وجیۆلۆجی وکیمیاو فیزیاو فەلسەفە و.....هتد وهەروەها سەرجەم تیۆرەکانی گەشەکردن وپەرسەندن دەگرێتەوە، کەباس لەچۆنێتی دروست بوون وپەیدابوونی مرۆڤ وسەرهەڵدانی گەلان دەکەن.

بەرەی دووەم تیۆری ئاینی، سەرجەم سەرچاوەی پەرتووکەئاینیەکان وەک تەورات،ئاڤێستا، ئینجیل، قورئان و...دەگرێتەوە، کەباسی رەگ وریشەی مرۆڤ وزۆرینەی گەلان ونەتەوەکان ئەکەن بەکوردیشەوە. لێرەدا بایەخ بەلایەنی زانستی دەدرێت. سەرەتا وهەوڵدەدەرێت ئەوهەنگاوانە بخرێنەرووکەچۆنێتی پەیدابوون وگەشەی مرۆڤی تێدابەرجەستەبووە، پاشان دروست بوونی نەتەوەی کورد. بەپێی توێژینەوەکان دوای جێگیربوونی زەوی وژیان، پەیدابونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی تایبەتی وخاوەن ژیری بۆسەردەمێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە کەبە (٢.٥)دووملوین نیو ساڵ دادەنرێت. ئەمانەش بۆیەکەم جارلەباشوری ئەفریقادەرکەوتن وئەفەریقا بەنیشتیمانی یەکەمی مرۆڤ ناسراوە. (Michael Cook,2003,P99-100 )

هەروەها لەماوەیەکی دیاریکراودا زەوی بووەبەماڵی هەمووجۆرەگیاندارێک، ژیانێکی ئاڵۆز دەست پێ دەکات، ووردەوردە خێزانەکانی گیانداران دروست دەبن وگەشەدەکەن و پەرەدەسێنن وزۆردەبن، سەرزەوی پڕ دەبێت لە دروستکراوی جۆراوجۆر. ملوێنەها گیانداری شێوەجیاواز بەسەرزەویدابڵاودەکەن ودەبن بەبنەچەوجۆری تری گیانداریان لێدەکەوێتەوە وکۆمەڵ کۆمەڵ لەشێوەی خێزانی لێکچوودروست دەبن.

بۆنموونە خێزانی سەگەکان وەک:(گورگ، رێوی، چەقەڵ...) و خێزانی فیلەکان وەک (فیل، ماموس،..) و خێزانی پشیلەکان وەک (پشیلە، شێر، پڵنگ،) ومرۆڤیش سەربە خێزانیکی ترە کە بە خێزانەگەورەکە یان مەیمونەگەورەکان (قرود عظیمة -great apes) ناسراوە. ( David and Ruth, 1973.p16-18) ئەوانیش وەک (شامپانزییەکان، گۆرێلاکان، ئۆرانج-ئوتانزەکان،) ئەم دەرکەوتنانەش بە (٢٥) ملیۆن ساڵ بەرلەئێستا دادەنرێت. ئەوەی جێی سەرنج وباس وبابەتی توێژینەوەکەیە رەچەڵەکی مرۆڤەکانە یان پێگەی مرۆڤەکانە لە ژیان وئەوخێزان وکۆمەڵانەدا بەتایبەتی بوونی پەیوەندی نێوان مرۆڤ وشامپانزیەکان. ( Yuval Noah Harary:2014,p5 ) بۆئەم مەبەستە هەردووتوێژەروکیمایزیندەیی باس لەگەشەی مرۆڤ دەکەن وەک بوونەوەرێکی زیندووی سەرزەوی وبەتاقیکردنەوەی (دنا-DNA-)ئەوەیان سەلماند کەنزیکترین جۆری گیاندار لەمرۆڤەوە مەیمونەکانن بەتایبەتی شامپانزیەکان. ئەمەش بەسەرەتایەکی ئاڵۆز وزۆر هەستیار دادەنریت لەدەرکەوتنی توخمێکی نوێ بەناوی بنەچەی مرۆڤ. ئیتر لێرەوە جۆرەکانی تری مرۆڤ گەشەی کردووەو بڵاوبوونەتەوە بەسەرزەویدا. کۆنترین دۆزراوە بەناوی (راماپیثیکوس-Ramapithecus-Sivapithecus )ەوە ناسراوە. ئەم جۆرە بەباوەگەورەی ئوسرالتۆپیلۆپیثیکوس دادەنرێت. ئەوەی تائێستا زانرابێت دەربارەی مرۆڤ ئەودۆزراونەی ناوچەی لۆساگامی رۆژئاوای دەریاچەی تورکانەیە لە باکوری تەنزانیا لەئەفریقا بەناوی (ئەدریپیثیکوس-رامیدوس)(Adripthecus-Ramidus)یان بە (Australopithecus- Ramidus) ناسراوە، تەمەنی بۆ (٥)ملوێن ساڵ دەگەڕێتەوە.

هەروەهـــا جـــۆرێکی تـــر وەک جـــۆری (ئوسرالتوپیلۆپیثیکوس -ئافارینسیس/ئەنامینسیس-Australopithecus-afarensis / Australopithecus-anamensis-) ناسـراوە، بەیەکەم جـۆری بـاوە گەورەی مـرۆڤ دادەنرێت. ئەمەش وەک یەکەم جۆرلەهاوشـێوەونزیک لەمـرۆڤ دانـرا وپاشـان دوای ململانێـی سـەختی لەگەڵ سروشـت وژیـان وگیانداراندا، بەم جۆرەگەشەی سەندووە وگۆڕانی بەسـەرەدا هـاتووە لەمـاوەی (٣)ملیـۆن سـاڵێکدا بەتەواوەتی گۆڕاوە. هەروەها (وایت وجۆهـانس) لە ساڵی ١٩٧٩سەرقاڵی پشکنین بوو بەهاوکـاری توێژەر(مـائوریس تەیـب) ئێسـکەپەیکەرێکیان دۆزیەوە بەنـــاوی لوســـی(Lucy) لوســـی (٣،٥بـــۆ٤ )پـــێ درێژبووە،یـــان یەک مەترودووسـانتیم بـووەوتەمەنی (١٩بـۆ٢١)سـاڵ بـووە. لەنـاو١٣کەسـی ترداکەنێرومـێ ومناڵیشـی



fatihabdullah985@gmail.com

تیدابووە. سەردەمی لوسیش بە(٣.١٨)ملیۆن ساڵ دانـرا. هەرچۆنێـک بێـت ئەم مـرۆڤە بەجـۆری مرۆڤـــی (Australopithecus-afarensis)ناســراوە. (Brian. M. Fagan: 1998,p36-42.) هەروەهـا لەدوای ئەمانیشەوە جۆری سێیەم دەرکەوتن کەبە (ئوســــــرالتۆپیلۆپیثیکوس-رۆبۆســــــتروس- -(Australopithecus-Robustus بەناوی(ئوســـرالتۆپیلۆپیثیکوس -بۆیســـــی)یش (Australopithecus-boisei)) ناسران. ( Arthur Contterell: 1980 p11) لێرەدا ئەم جۆرولقەی مرۆڤ راوەستاوەوبەشێوەیەک کۆتـای پێهاتووە، بەڵام لەلایەکـــــــی تـــــــرەوە جـــــــۆری (ئوســــــرالتۆپیلۆپیثیکوس -ئەفریکــــــانوس- Australopithecus-africanus) بۆتەمــــــــایەی درێژەپێدان وگەشەکردنێکی بەردەوام ولێرەوە لق وجۆری تر پەیدابوون. لەدوای ئەوەش جۆرێکی تـــر دەرکەوتـــن کە پەیوەنـــدیان لەگەڵ جـــۆری یەکەمـدا هەبـووە وبە (هۆمـۆ هـابیلیس- Homo Habilis)ناسـراون. ئەمـانیش لەدەوروبەری (٣) ملیـۆن سـاڵدابووە. ( Yuval Noah Harary: 2014,p5) هەروەهـا جـۆرێکی تـر کە بەنـاوی (هۆمـۆ ئیریکتـوس–Homo-Eirectuts) ناسـراون وپەیوەنـدیەکی بـایەلۆجی هەبـووە لەنێـوان ئەم جـۆرانەدا. ئەمە بەبـاوەگەوەری مرۆڤـی ژیـر دادەنریت. ئەمە بەکۆنترین جۆری گەشەکردوی مـــرۆڤ دادەنرێـــت، خـــاڵی هاوبەشـــی نێـــوان جۆرەکۆنەکانی پێشووترو مرۆڤی نوێ و ژیرە. ئەمـــانە لەکـــاتی دەرکەوتنیـــانەوە لەئەفریقـــاو بڵاوبوونەوەیان لەئاسیا وهەندێ بەشی ئەوروپاش لەمـــاوەی نێـــوان(١٠٠٠٠٠٠-٥٠٠٠٠٠) یەک ملـۆێن بـۆ نیوملـۆێن سـاڵ پ.ز ژیـاون، خـاوەن لاشـــەیەکی رێـــک وراوەســـتاون، بـــاڵاو ودەم وچاوێکی گەورە ومێشکێکی گەورەیان هەیە. ئەم جـۆرە بەشـێوەیەکی بـایۆلۆژی وگەشـەکردنەوە پەیوەنـدیان بەجـۆری( هۆمۆ هـابیلیس )ەوەهەیە و تاکۆنترین جۆری دۆزراوە.( Brian. M. Fagan: 1998,p75-76) بۆنمـونە جـۆری (مرۆڤـی جـاوە- Java man– هۆمۆسۆلانسیس–Homo soloensis) دەگەڕێتەوە بۆ یەک ملێۆن تا نیوملێون ساڵ پێش ئێسـتاوپەیوەندی بە جـۆری ئیریکتوسـە وەهەیە.

(Timothy Darvill: 2002.p202) لەدوای ئەم جۆرانەشـەوە جـۆرێکی تـر دەرکەوتـن بەنـاوی (هۆمۆ ساپیینیس–Homo Sapiens)کە بە مرۆڤـی ژیرناسـراون، لەرۆژهەڵاتـی ئەفریقیـادەرکەوتن، هەروەهـــا تێکـــڕای تەمەنـــی ئەم جـــۆرە بە(٢٠٠،٠٠٠سـاڵ) دانـرا. ئەوەشـیان سـەلماند کەپەیوەندیان لەگەڵ جۆری ئیریکتوسدا هەبووە. هەربۆیە لەماوەکانی دواتردا بەتـایبەتی لە چاخی بلایستۆسـینی سـەروودا(Upper Pleistocene) (١١٥٠٠٠سـاڵ تـا٧٠،٠٠٠سـاڵ) پ.ز. لەناوچەکـانی باشـوری رۆژئـاوای ئەفەریقـا بەتەواوەتـی گەشـەیان کردوهەنگاویـان نـا بەرەوئاسـیا و ئەوروپـا، ئەم جـۆرەبەخێرایەکی بەرچـاو گەشـەیان کـرد، لەرووی بـایۆلۆژی ورەگەزی وتوانـای ماسولکەییەوە. لەم مـاوەیەش بەدواوە سـاپینیس لەئەفریقـا دەرچـوون وبوونەبەشـێکی گەورەی دانیشـتوانی باشـوری ئاسـیاودەریای ناوەراسـت. بەشـێوەیەکی گشـتی دەتوانرێـت مـاوەی بڵاوبوونەوەیـان لەنێـوان (٥٠،٠٠٠ سـاڵ-٣٢،٠٠٠سـاڵ) دابنرێـت لەناوچەکـانی تـری ئاسیادا. هەربـۆیە ئەم مـاوەیە بەشێوەیەکی بەرچاومرۆڤ پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیـوە وجـۆری نـوێتر دەرکەوتـون یـان لەم جۆرانەی پێشووترجۆرێکی تر کەوتۆتەوە کەبە (نیانـدەرتالەکان–Neanderthals) ناسـراون وەک ئەوەی لەئەوروپـاو رۆژئـاوای ئاسیا بەتـایبەت لە ئەشـکەوتی (شـانەدەر)ی کوردسـتاندا لەمـاوەی نێـــوان (١٠٠٠٠٠بـــۆ٦٠٠٠٠ سـاڵ) پ.ز دەرکەوتـوون. زاناکـان بـاس لەپەیوەنـدیەکی راستەوخۆی نێوان ئەم سێ جۆرەی دوای دەکەن وەک(هـابیلیس ، ئیریکتـوس، ساپینیس) ئەوەیـان سـەلماندووە کەلەومـاوە دوورو درێـژانەدا لەئەنجامی گەشەکردن دا شێوەوژیریان گۆڕانیان بەسـەردا هـاتووە، هەروەک چـۆن زمـان گەشـەدەکات ودەگۆڕێت. هەروەها باسـی بوونی پەیوەندی سێکسی نێوان (ئیریکتوس و ساپینیس )دەکەن. سـاپینیس وەک جـۆریکی گرنگـی دەرەوەی ئەفریقـا ناسـراوە زیـاتر لە ئاسـیا وئەوروپادا بڵاوبوونەتەوە.. Arthur Contterell:


fatihabdullah985@gmail.com

(2002, p10-12) ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە مرۆڤی ساپینس لەناوچەکانی باشوری رۆژئاوای ئاسیادا بەجۆری مرۆڤی نیاندەرتاڵ گەیشتووە ، ئەوپاشماوانەی لەئەشکەوتی قافزی(Qafzeh) لەئیسرائیل دۆزرانەوە ئەوراستیە دەسەلمێنن کەماوەی بەیەکگەیشتنەکەیان لەنێوان (١٠٠،٠٠٠بۆ٤٠٠٠٠)ساڵ دەبێت، چونکەسەرجەم ئەوکەلوپەلانەی لێرەدادۆزرانەوە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆئەو ماوەیە. Brian. M. (Fagan: 1998 p115-126)

لەبلاوبوونەوەیاندا چەند خاڵێکی گرنگ بوونە بنەمای گەشەوپێشکەوتن وپەرەسەندنی لایەنی بایەلۆژی وژیری وشێوازی ژیان وخۆبەرەوپێشبردن. لەهەمبوویان گرنگتر بەریەککەوتنی چەندکۆمەڵەیەکی جیاواز لەیەکتری وتێکەڵاو بوونیان لەگەڵ یەکدا بەتایبەتی لەرووی سێکسەوە، کاتێ دووجۆری زۆر جیاواز لەیەکتریپێکەوە جووت بوون جۆرێکی تری باشتر وژیرترونوێتر پەیدابووە لەزۆر رووەوە لەوانیتر پێشکەوتوتربووە.

خاڵێکی تر هەندێ کۆمەڵیان لەئەوانیتر پێشکەوتووتربوون لەرووی دروستکردنی ئامێر وکەلوپەلەوەبۆخۆپاراستن ودابینکردنی ژیان. لەم بارەدا کە دووکۆمەڵ بەیەکگەیشتوون یان بەشەڕ هاتوون وبەهێزەکان ئەوانیتریان کوشتووە یان رێکەوتوون. ئەم بەریەک کەوتنە لەنێوان جۆری نیادەرتال وسابیس دا رووی داوە، نیادەرتالەکان پێشکەوتوتر بوون خاوەنی ئامێری دروستکراوبوون کاتێ کۆمەڵێ مرۆڤی تر دەبینن رێکدەکەون وحەزلە ژنەکانیان دەکەن وتێکەڵ بەیەک دەبن ونەوەی نوێ دەخەنەوە، ئەم بەریەک کەوتنانەش لە نێوان ساڵانی ١٥٠٠٠٠بۆ٧٠٠٠٠پێش ئێستا بووە. هەربۆیە بەوپێەبێت تێکەڵاوی وروودانی سێکس لەنێوان جۆرە جیاوازەکاندا کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر گەشەوگەشەکردنی مرۆڤ. هەروەها لەلایەکیترەوە لەسەرئەم بەیەکگەیشتن وبەریەککەوتنانە باس لەبوونی پەیوەندی نێوان نیاندەرتال ودینۆسۆڤاش دەکرێت، گفتوگۆی زۆری لەسەردەکرێت. لەروانگەشەوە مرۆڤی نوێ بە نیادەرتالەوە دەبەسترێتەوە. کەلەماوەیەکی گرنگدا گەشەی کردوەوتا (٣٠،٠٠٠) ساڵی پێش ئێستا هاتوون ودواتر دوای خۆیان مرۆڤی نوێ بە جیهاندابلاوبۆتەوە، هەروەها جۆری سۆلۆش تا (٥٠،٠٠٠)ساڵ ماونەتەوە وجۆری فلۆرنس تا ساڵی ( ١٢،٠٠٠پ.ز). ماونەتەوە. )( Yuval (Noah Harary: 2014:,p14-18

هەڵکۆڵین لەقەد شاخ وئەشکەوتەکان کەزیاتر وێنەی ئاژەڵن زیرەکی ولێهاتووی مرۆڤی ئەوسەردەمە دەردەخەن مێژووەکەیان بۆ(٤٠٠٠٠تا٣٠٠٠٠)ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە مرۆڤ گەیشتە قۆناغێکی ژیری تەواوەتی (Paul G. Bahn: 2007,p42-87). کاروهەڵسوکەوتی ئەمانەش پێی دەوتیرێت رۆشنبیری –کلتور، دوای ئەمەش هەنگاوەکانی مرۆڤ وپەرەپێدانی ئەوکلتورە بووبە ژیار ومێژو، لەم ماوەیەش مرۆڤ سێ شۆڕشی گەورەی ئەنجامداوە وەک:

–شۆڕشی زانیاری لەساڵی(٧٠،٠٠٠) پ.زدا . Cognitive Revolution١– شۆڕشی کشتوکاڵ-لە(١٢،٠٠٠)ساڵ پ.زدا. –Agricultural Revolution٢–-شۆڕشی زانست لەدوای شۆڕشی کشتوکاڵەوە.Scientific Revolution ٣–

شۆڕشی کشتوکاڵ١٢٠٠٠ساڵ پ.ز. بەهەنگاوێکی کاریگەر ونوێ دادەنرێت لە گەشەی ژیانی مرۆڤدا، چونکە بۆیەکەم جار مرۆڤ بە خاک وئاوەوە دەبەستێتەوە و جێگیری دەکات. ئیترخێڵ وهۆزوبنەماڵەرەچەڵەکی نەتەوەکان بەشێوەی جیاواز دەرکەوتن. بەپێی سەرچاوە زانستیەکانیەکان تا ئێستا زیاتر لە(١٨) هەژدە جۆر لەهاوشێوەونزیکی مرۆڤ دۆزراوەتەوە وەک: رامابیپیثیکوس، هۆمۆ هابیلیس، ئوسترالۆپیثیکوس – رۆبۆستروس ، ئوسترا-ئەفریکانوس، هۆمۆ ئیریکتوس، ،هۆمۆ نیاندەرتاڵ، هۆمۆ ساپیێنس مرۆڤی جاوە- هۆمۆسۆلانسیس، هۆمۆ فلۆریس، هۆمۆ هایدلبێرگ، هۆمۆ لوزون، رودولوف- هۆمۆ کرۆمایۆن...هتد. ئەوجۆرانەش دەتوانرێت بەبنەچەی مرۆڤ دابنرێن .


fatihabdullah985@gmail.com

**باسی دووەم:تاوتوێکردن ولێکدانەوەی تێوریاکانی پێشترلەسەرنەژاد ورەچەڵکی کورد:**
**یەکەم / تێوری کورد نەوەی میدیەکانە(میدیەکان باوەگەورەی کوردن):**

کورد وەک نەتەوەیەکی رەسەن ودێرینی کوردستان بەشیوەیەکی سەرەکی رۆڵی هەبووە لەدروستکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتیداوبۆتە جیگای سەرنجی گەلانی دنیا. لەوروانگەیەوە گەڕان وبەدواداچوون بۆبنج ورەچەڵەکی ئەم گەلە کراوەلەلایەن گەلانی دنیاوەوتائەمڕۆ چەندین تویژینەوەی وردوشیکاری لەسەرکراووەوهەریەک لەروانگیەیەکی شارستانی وەک زمان وئاین ورەگەز ومێژو وشوێن وشوێنەوارو‌تەنانەت فەرهەنگ وکلتورودابونەریت کراوەتە بنەمای لێکدانەوەکەیان. سەرەرای سەرچاوەمێخیەکان سەرەتای نوسین ولێکۆڵینەوە لەسەرکوردوباوانی کورد دەگەڕێتەوەبۆسەردەمی یۆنانی ورۆمانیەکان بەتایبەتی لای هێرۆدۆتس کە لەمێژوی (Herodots: 1942,p41-112) خۆیدا بەشێوەیەکی سەرەکی باسی میدیا دەکات ودواتر بووەبنەمای گەڕان ولێکۆڵینەوەلەسەرکوردوکوردستان بەشیوەیەکی دیاری کراو بە بەرنامەوکاری زانستی بەتایبەتی لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا،هەربۆیە گەڕان بەدوای رەگ وریشەی کورد دا دەگەڕێتەوە بۆسەدەی هەژدەی زایینی، کاتێک دووقەشەی کاثۆلیکی ئیتالی وەک گەڕیدەومژدەبەریەکەم لێکۆڵینەوی خۆیان لەسەربنەچەو نەژادی کورد خستەروو. ئەوانیش (مۆریزیۆگارزۆنی-١٧٣٤-١٨٠٤ز) و (جۆسیپی کامپانێل-١٧٦٢-١٨٣٥ز) بوون کەلەلایەن ڤاتیکانەوەنێردرابوون بۆکوردستان بۆ لێکۆڵینەوە وکۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی لەسەرزمان وشارستانی کورد. هەروەها دوای گەشەکردنی زانستی شوێنەواریش ئەم بوارەهەنگاوی باشتی ناوچووەقۆناغێکی پێشکەوتووترەوە. هەروەها دواترلەسەدەی نۆزدەهەمدا کارلەسەرلایەنی رەگەزی وبنەچەی کوردکراوە، کەزۆربەیان کورد ئەبەنەوە سەر میدیەکان وەک تێوری سەرەتای کورد لەمیدیەکانن. لەم روانگەیەوە کۆمەڵێ زانا کاریان کردوە لەسەروی هەموویانەوە زاناومیژوونوسی ئەڵمانی (بارسود جۆرج نیپور-١٧٧٦-١٨٣١ز) لەساڵی ١٨٤٦ لەپەرتوکەکەی خۆیدا ئەوەی خستەرووکەبنەچەی کورد پێکهاتەی ئێرانی ومیدین یان تێکەڵەیەکی ئارامی ومیدین. هەروەها زانایەکی سویسری بەناوی (ئەلبێرت سوسن-١٨٤٤-١٨٩٩ز)لەبەرهەمێکیدا باسی کورد ئەکات وپێی وایە کۆچی کورد وهاتنی کورد لە لەرۆژهەڵاتەوە بووەودواتربەهۆی میدیەکانەوە بەرەو رۆژئاواهاتون. هەروەها ئەم بۆچونەش لەتێوری یەکەمەوە نزیکە دەربارەی رەگەزو بنەچەی کورد کەبە تێوری باکوری رۆژهەڵاتی ئێران باس دەکرێت. (Hennerbichler : 2012, Vol.2, No.2 64)

لەماوەکانی دواتردا ئەمەبووەبنەمایەکی گرنگ بۆدانانی تێوری کورد نەوەیی میدیەکانە وزیاتر بایەخی پێدراو بڵاوکرایەوە لەجیهاندا، بەتایبەتی لەلایەن رۆژهەڵاتناسی روسی (ڤلادیمیر فیدرۆفیچ مینۆڕسکی-١٨٧٧-١٩٦٦ز) ئەم زانایە لەکۆنفراسێکی نیودەوڵەتیدا لە ساڵی ١٩٣٨ لەپێترسبۆرگ تێوری (کورد نەوەی میدیەکانە)ی خستەرووبۆچون وبەڵگەکانی خۆی خستەروولەسەربوونی پەیوەندیەکی سەرەکی لەنێوان میدیاکان وگەلی کورددا. پشتگیری زۆریشی لێکرا تاکوئەمڕۆبەتێورێکی بەهیز دادەنرێت لەسەردیاریکردنی بنەچەونەژادی کورد. (ڤلادیمر مینۆرسکی : 2007 ،ل29-46) هەروەها ئەم زانایە بەڵگەی زمانەوانی وجوگرافی ومێژووی وکلتوری کردەبنەمای تێورەکەی کەهەریەک لەزاناکانی وەک (دیاکۆنۆف و ڤیلیچفیسکی وباسیل نیکتین) کەتایبەتمەندی مێژووی رۆژهەڵاتی کۆنن بۆچونی خۆیان دەربڕیوە پشتگیری ئەم تێورەیان کردووە. (محەمەد مەحمود مەندەلاوی:٢٠١٢،ل٣٩)

دووەم/: تێوری رەگەزی/ تیوری باکوری رۆژئاوای ئیران: هەروەها لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠دا زانایەکی ئیتالی بەناوی (لوکا کاڤیلی سفۆرزا- ) لە توێژینەوەیەکیدا بەناوی (مێژوو وجوگرافیای رەگەزی مرۆڤ) کەساڵی


fatihabdullah985@gmail.com

١٩٩٤بڵاوی كردەوە بۆیەكەم جار بۆچون وتوێژینەوەیكی نوێیان لەسەررەگەزوبنەچەی كورد خستەروو، تێیدا بەوردی باسی كۆچ وهاوپەیمانی وبۆماوەییەكانیان كردووە. هەرچەندەپێشتر لایەنی زمان بنەمایەكی وردوگرنگ بوو بۆلێكدانەوەی رەچەڵەكی كورد، بەڵام ئەم لایەنە تارادەیەك وەك هاوكێشەیەكی ئاڵۆزبووە لەچوارچێوەیەكی جوگرافیدا لەناوچەكانی رۆژهەڵات بۆباكوری رۆژئاوا و لەباشورەوە بۆرۆژئاوی ئێران. ئەم تێورەش ئەوەروون دەكاتەوە كە كورد بەشێوەیەكی سەرەكی لەرووی زمانەوەبەنەوەی قسەكەرە كۆنەكانی ئێران دادەنرێن بەتایبەتی میدیەكان ، چونكە لەروی زمانەوەبەتەواوەتی هاوشێوەن ولەیەك ئەچن. هەرچەند تێبینی ئەوەی لەسەرە كەتاكو ئەمرۆ ئەوراستیە نەسەلمێنراوەو جێگیرنەكراوە، تەنها چەند ژمارەیەكی كەم نەبێت لەوشێوەزاراوەی میدی وەك بەڵگەیەك لەبەردەستدایە،ئەمانەش نابنە بەڵگەی یەكلاكەرەوە. ئەم بۆچونانەش بەناوی تێوری باكوری رۆژئاوای ئێرانەوە ناسران، هەرچەندە ئەم تێورەزیاتر پشت ئەبەستێت بەلایەنی زمان نزیكایەتی وهاوبەشی زمان لەنیوان كوردوفارس وبلوچدا كەلە ناوەندی ئێراندا بڵاوبونەتەوە لەسەدەكانی( ٤پ.ز تاسەدەی ٩ی ز) لەسەربنەمای زمان ئاماژەبەوەدەكەن كە كوردوفارس وبلوچ سەربەیەك رەگەزوبنەچەن. ئەم تێوریانەش كەوتنەبەر رەخنەولێكدانەوەی نوێ وساڵی ٢٠٠٩كۆتای بەوەهات كەرەگەز لەسەربنەمای زمان بێت. هەروەها ئەم بابەتە رەگێكی قوڵی هەیەولەسەرەتای سەدەی ١٩ەوە هەوڵیداوە بنەچەی كورد لەرووی رەگەزوزمانەوە رون بكاتەوە، چەندین خاڵ ولایەنی خستۆتەروو وەك چەمكی رەگەز بۆیەكلای كردنەوەی بابەتەكە، بەڵام سەرجەمیان رەتكراونەتەوە. هەربۆیە چەندین جاری تریش لەلایەن دەزگای (كۆمەڵەی مرۆڤناسی ئەمەریكی) ەوە كاروتاقیكردنەوەی لەسەرئەم بابەتەئەنجام داوەو نەگەیشتۆتەهیچ ئەنجامێك وەك ئەوەی لەگۆڤاری ئەمریكابۆرەگەزناسی بەرگی (١٠١)ساڵی ١٩٩٩دا دەرئەنجامەكانی بڵاوكردۆتەوە. نەیتوانیوە شیكاریەكی یەكلاكەرەوە بخاتەبەردەست. سەرەڕای ئەوانەش لەرابردوودا بەڵگەی سەلمێنەر زۆركەمن لەسەربوونی زمانێكی سەرەكی وپێشەنگ ویەكخەر كەببووبێتە بنەمایەكی پێشنیاركراو بۆسەردەمی كۆن وەك زمانی سەرەكی باوباپیرانی كورد. Hennerbichler, Vol.2, No.2, 64

هەروەها سەرەڕای ئەوەی ئەم تێورە هەنگاوێكی گرنگە، رەخنەی زۆریشی لێگیراوە (گارنیك ئاساتیریانی) ئەرمەنی لەگەڵ ئەوەدایە كە كوردزمان وئەوانەی بەكوردی ئاخافتن دەكەن ودەبێژن لەباكوری ئێران ونزیك ناوچەكانی فارس زۆرن و ئەوانە رەگەزی كورد پێكدێن. لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێك تێوروگریمانە هەن كەكورد بۆهەندێ گەلانی كۆنی كوردستان دەگێڕنەوەو دەیبەنەوەپێش هیند-ئەوروپی وئێرانیەكان. لەم روانگەیەوە (ئیفراهایم سپایزەر-١٩٠٢-١٩٦٥ز-) ئەوەی خستۆتەرووهەولی داوەبیسەلمێنیت كەباوە گەورەی كورد گوتی ولولییەكانن كەدانیشتوانی رەسەن و بنچنەیی ناوچەكانی زاگرۆس و ) Ephrahaim Avigdor (Speiser,p110-119میسۆپۆتامیاوكوردستانن.

هەروەها جەندین زانای تر لەبواری كوردناسیدا لەگەڵ ئەم بۆچوونەدان،بەبوونی بەڵگەی ئەوەی گوتیەكان خاوەن دەستەڵات وئیمپراتۆری خۆیان بوون سەدەیەك فەرمانڕەوای ناوچەكەبوون. ( ئو. ل .ڤیلیجێڤسكی: 2000،ل 58). هەروەها زانای جۆرجی-روسی (نیكۆلاس مار-١٨٦٤-١٩٣٤ز-) كاردۆخیەكان بەباوەگەورەی كورد دادەنێت. باسەكەی زینەفون(٣٥٤-٤٣٠ پ.ز) دەكەنەبەڵگەی ئەوەی كەكاردۆخیەكان لەوكاتەدا نەتەوەیەكی بەهیزبوون وبەباوەگەورەی كوردی ئەمرۆدادەنرێن. (فرسەت مەرعی: 2010،ل٣٣)دیارە تائەمڕۆش ئەم تێورانە گرفتیان هەیەوبەتەواوەتی پشت راس نەكراونەتەوەوشیاكاری ولێكدانەوەی زیاتری دەوێت.



fatihabdullah985@gmail.com

بۆسەلماندی زیاتری ئەم بابەتە لێرەدا پێویست دەكات ئەماژە بدرێت بە (زانستی بۆماوەیی– علم الوراثة-Genetics یان( گەشەكردنی جینی-تطور الجینات–The evolution of genes) هەرچەندە ئەم زانستانەش بەتەنها ناتوانن هەمووشتێ دەربارەی رەگ وریشەی مرۆڤ یەكلای بكەنەوە، بەڵكو دەبێت بەهەماهەنگی لەگەڵ زانستەكانی تر وەك: (Anatomy- زانستی توێشیكاری -علم التشریح– )(Biochemistry–- الكیمیاء الحیویة–)(Physiology–علم وظائف الأعضاء) و(–Pathology–علم الأمراض- زانستی نەخۆشیەكان). بەم زانستانەش لەمانا وواتاوچەمكی گەشەسەندن وگەشەكردن(التطور البیولوجي) گەشەكردنی جینی (تطور الجینات) (The evolution of genes) تێدەگەین. هەروەها ئەم راستیانەش بەباڵپشتی زانستەكانی وەك: (Sociology-كۆمەڵناسی- علم الإجتماع) و(زانستی زمان-علم اللغة–Linguistics )و (رەگەزناسی -علم الانسان–Anthropology ). سەرەرای ئەوانەش گەشەكردنی بەردەوام یان گۆران بۆ بەرەوپێشترو باشتر، زۆرتر پەیوەندی بەژینگەی هەنوكەی وراستی وواقیعی ئەوتوخمەوەهەیەكەلەگەڵی دەژین. (تشارلیز داروین: ٢٠٠٤،ص١٧)

## بەشی دووەم: تێوری نوێی زانستی وشیكاری ولێكدانەوەی نەژادی كورد

**باسی یەكەم : تێوری نوێ لەسەر نەژادی كورد**

دوای خستنەرووی هەموئەوگریمانەوتوێژینەوانەی پێشوتر زاناكان نەگەیشتنە دەرئەنجامی متمانە پێكراو ویەكلاكەرەوە لەسەردیاری كردنی بنەچەی كورد بەتایبەتی لەروی زمان وگریمانەكانیەوە وەك بنەمایەك بۆنەژادی كورد. ئەمەش گومانی لای زۆر لەزاناكان دروست كردوە. لەبەرئەوەش زۆرترین بەرنامەی جۆراوجۆریان لەسەرتایبەتمەندی ووردەكاری لەسەر كۆسپ وبەندی رەچەڵەكی كورد ئەنجامداوە، هەوڵی یەكلاكردنەوەی شیكاری ئەوبابەتەیان داوە بەشێوازورێگای بەراوردكاری زمان وزمانەوانی. لێرەدا رۆڵی سەرەكی زانا-(دیڤید نیڵ ماكەنزی-١٩٢٦-٢٠٠١ز) دیارە، ئەم زانایە لەتوێژینەوەیەكیدا لەسەر زمانی كوردی وپەیوەندی بەبنەچەی كوردەوەهەوڵی زۆری داوەگەیشتە ئەوباوەرەی بۆچارەسەركردنی ئەوكێشیە پێویستە لەدەرەوەی بەڵگەزمانی وزمانەوانیەكان بگەرێن وچارەسەری بكەین.

دوای ئەمیش بەچەند ساڵێك زانا(كاڤاللی سفۆرزا) بابەتێكی نوێی پێشكەشكردلەسەربابەتی نیوان كێشەدژبەیەكەكان ودانانی رێگەیەكی تربۆچارەسەری كێشەی دیاری كردنی بنەچەی كورد، ئەم بۆچونەوگریمانەیەشی لەپەرتوكی خۆیدابلاوكردەوە. لەم توێژینەوەیەدابەشێكی تەرخان كردووە بۆتاقیكردنەوەیەك لەسەربۆماوەیی خەڵك ودانیشتوانی رۆژئاوای ئاسیاوئوراسیا، زانیاریەكانی ئاماژەبەوەدەكەن هاوشێوەبوون ولێكچون وتێكەڵاوی گشتی هەیە لەنێوان كوردودانیشتوانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. سەرەرای مێژوویەكی ئاڵۆزو فرەفەرهەنگی وفرەزمانی. هەروەها بەكارهێنان وپشت بەستن بەشێوازی (میت-دی ئێن ئای)) mt DNA,Y DNA(وای دی ئێن ئای -- گریمانەگشتیەكانی توێژینەوەی بەكارهێنانی ئەم شێوازە لەسەركورد هەنگاوێكی گرنگ بووكەبەرهەمی سێ توێژینەوەی كاڤالی وهاوكارەكانی بوون لەگەڵ چەندین ناوەندی توێژینەوەی نێودەوڵەتی دا ئەنجامیان دابوو لەبواری پێكهاتەی بۆماوەیی كورد كەساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠٤) بلاوكرایەوەو جەختت لەسەر (میت دنا- میت دی ئێن ئای) شیكاری زنجیرەی دەكەنەوە. دواتر هەردووزانای ئێراناسی(گیرنۆت ویندیفۆر)و(ئێمیریتوس) لەزانكۆی مێشیگان بریاریاندا لەژێرناونیشانێكی نوێتردا كاربكەن بۆسەلماندی رەچەڵەكی كورد، ئەوەبووساڵی ٢٠٠٦ شێوازو رێگای(دی ئێن ئەی) هەڵبژاردبۆقسەكەری كوردلەكۆمەڵگای



fatihabdullah985@gmail.com

كورديدا. ئەم كارەشيان بەهۆى كارەكانى زانا كاڤــاليەوە بـــوو، چـــونكە گيرنـــۆت ئەوەى بـــــــۆدەركەوت زۆربەى ئەنجامەكـــــــانى كاريگەروسەرنجراكێش بوون. لەئەنجاميشدا بۆى دەركەوت كورد دانيشتوانى رەسەنى ناوچەكانى رۆژهەلاتـى ناوەراسـت وئۆراسـيايەو لەرووى بۆماوەييشـــەوە دەگەرێنەوەســـەرئەوكۆمەلانەى بەزمانى دەرياى قەزوين قسەدەكەن لەرۆژهەلات ورۆژئاواوناوەنـــدى ئێرانـــدا هەن. هەروەهـــا بەزمانێك قسەدەكەن پەيوەندى هەيەبەوزمانانەوە كە لەباكورى ئێران هەن. ئەمەش ئەوەدەردەخات كەتـــا ئەم كـــاتە تـــوێژينەوەى وردوشـــيكارى وابۆسەلماندنى نەژادى كورد نەكراوە. لەگەل ئەم هەولانەشـــدا هەولێكـــى تـــردراوە لەلايەن تـــوێژەرێكى ئەلمانيەوەبەنـــاوى (ناســـيدزە) وهاوكارەكـــانى لەپەيمـــانگەى مـــاكس پلانـــك بۆرەگەزناسى وگەشەسەندن لەلیپزينگى ئەلمانى. ئەم تـــوێژەرە ســـالى ٢٠٠٥ هەســـتابەيەكەم تـاقيكردنەوەى زانستى لەسەركۆمەلەى كورد بەبەكارهێنـــانى ئەم شـــيوازە زانســـتيە كە بە شـێوازێكى نـوێى تاقيكـارى دادەنرێت بە - ميت دنا،واى كرۆمۆسۆم ڤاريەيشن)ناسراوە. mt ( DNA,Y Chromosom Variation

پاش پێنج سال دواترتوێژەر يەكەم بيرۆكەى خۆى لەئەنجامى توێژينەوەكەى دا لەسەركورد خستەروو، بەئامانجى گريمانەيەكى نوێ لەسەر بنەچەى كورد. توێژينەوەكەشى بەسەرپەرشتى وچاودێرى هەردوزانا (گێرنۆت وكليسۆڤ)لەبۆستنى ئەمەريكاوە چاودێرى وهەلسەنگاندن وپالپشتى لێكراوە، بەتايبەتى لەلايەن كليسۆڤەوە تێبينى وپالپشتى وسەلماندن وزانستى نوێى خستۆتەرولەسەر بنەچەى كورد كەسەلماندى دەرئەنجامێكى يەكلاكەرەوەى تەواوەتى خستۆتەروو لەسەرئەوەى كورد دەگەرێنەوە سەرباوانێكى دياريكراو كەخەلكى رەسەن و وبنچينەيى Hennerbichler,. Vol.2, No.2,p 65, 66.) ناوچەكەن.

دواتـرلەلايەن چەنـد تـوێژەرێكى ترەوەكـارى زيـــاتر لەســـەر رەچەلەك وبـــنەچەى كـــورد كراوەبەنـــويترين رێگـــاى زانســـتى وشـــيكارى تاقيگەكـان وبەكارهينـانى ئـامێرى وردى زانسـتى وبەتـايبەتى ئەوهەولەى تـوێژەرلەلايەن (نابيـل) وهاوكارەكـــانيەوە ئەنجـــامى داوەلەرێگـــاى بەكارهێنـانى (واى-كرۆمۆسۆم– Y Chromosom ) لە سـالى(٢٠٠١-٢٠٠٧)كاريـان تێـداكراوە و لەگەل دووتـــــاقيكردنەوەى ســــەرەكى تــــردا ئەوەدەردەخەن كەپەيوەندى رەگەزى وخالى هاوبەش ونزيكـــايەتى وبۆمـــاوەيى هەيەلەنێـــوان كـــورد وجولەكەدا.( Oppenheim, A. (2001), 69(5) 1095–1112) هەروەها (گارنيك ئاساتيريان)يش ئـــامەژەبەم زانياريەدەكـــات وئەوەپشتراســـت دەكاتەوەبەپێى شيكاريە زانستيەكان پەيوەنديەكى ورد ورەگەزى لەنێـوان كـوردو جـولەكەدا هەيە. هەروەهـا دەلێـت(( كـورد بەوخەلكانەدەوترێـت كەلەرووى رەگەزى وفەرهەنگـــى وكلتـــورى وزمـــانەوە لەناوچەكـــانى رۆژهەلاتـــى نزيـــك دەژين.(Garnik. Asatrian:(2009,p58-59 )

**باسى دووەم بۆچووونى نوێ لەسەر نەژادى كورد:**

بەپێـــى توێژينەوەوتاقيكردنەوەكـــانى ئەم دوايە لەســـەربنەچەى كـــورد ئەنجـــام دراوەبە شـێوازى زانسـتى((ميـت دنـا-واى كرۆمۆسـۆم ڤاريەيشـــن)) ئەوەيـــان دەرخســـت كەنەتەوەى كـــــورد لەرووى رەگەزەوەدەچنەوەســـــەر بنەچەورەچەلەكـــى دانيشـــتوانى دێرينـــى كوردســـتان وناوچەكـــانى رۆژهەلاتـــى كـــۆن بەتـــايبەتى زاگـــــرۆس وميســـــۆپۆتاميا. دۆزيـــنەوەى پاشـــماوەى مرۆڤـــى دێـــرين لەكوردسـتان ودەركەوتنـى كـۆمەلێ هۆزوخێـل كـــۆمەلەى مـــرۆڤ لەچاخەكـــانى پـــێش مێژوودواتـــريش وەك بنەمـــــالەونەتەوەى جياجيـــــــادەركەوتن كەگرنگترينيـــــــان ئەمـــانەبوون: (فوراتيەســـەرەتايەكان، ســومەر، سـوبارى، گـوتى، لولـوى، كاشـى، هـورى و ميتـانى وئيلامـى ،ئورارتـو، نـائيرى و ماننـاو ميـــدى و كـــاردۆخى .. هتـــد) ئەمـــانەش بوونەبنەمـــايەكى گرنـــگ بۆدروســـتبوونى بنەچەورەچلەكـــى كــــورد. هەريەك لەم نەتەوانەش لەســـەردەمێكدا كـــاريگەرى خۆيـــان لەســـەر پێكهـــاتەى نەتەوەى كـــورد جێهـــێلاوە



fatihabdullah985@gmail.com

لەرووی زمان وفەرهەنگ وئاین وجوگرافی ورامیاری وبۆماوەی و....هتد. لەم روانگەیەوە بەپێی تاقیکردنەوەزانستیەکانی وەک (بایۆلۆژی و زمان ورەگەزناسی وجوگرافی وشوێنەوار ومێژوو وفەرهەنگی وبۆماوەیی) ئەتوانین بنەچەی کورد بۆنەتەوەدێرینەکانی کوردستان بگێڕینەوە وەک:(فوراتیەسەرەتایەکان، سومەر، سوباری، گوتی، ،لولوی ، کاشی ، هوری و میتانی وئیلامی ،ئورارتو، نائیری و ماننناو میدی و کاردۆخی). لێرەدا دەبێت ئەوراستیە بوترێت کە رەچەڵەکی کورد دەگەڕێتەوە بۆنەتەوەدێرینەکانی کوردستان بەهەردووکۆمەڵە دانیشتوانەکەیەوە کەبریتین لەدانیشتوانە بنچینەیەکەو ئەوانی ترکە دواتر هاتوون وەک هندۆئێرانی وهیندۆ-ئەوروپیەکان. (ئو.ل.ڤیلیچڤیسکی: 2000 ،ل٥٨) واتە سەرجەم ئەوگەل ونەتەوانەی سەرەوە باوەگەورەی کوردن وپێکهێنەری راستەقینەی خەڵک ونەتەوەی کوردن، پاشان بەکاریگەری زمان وفەرهەنگ وئاین وجوگرافی ورامیاری وشارستانی وبۆماوەی نەتەوەی میدیەکان وەک پێشینەیەکی (هندۆئێرانی وهیندۆ-ئەوروپی وئاری نەژاد) نەتەوەی کوردیش بە(هندۆئێرانی وهیندۆ-ئەوروپی وئاری نەژاد) ناسرا بەتایبەتی لەروانگەی زمانەوانیەوە. ئەگەربەراوردێکی ورد بۆهۆزو خێڵ وخەڵک ودانیشتوانی ناوچەجیاجیاکانی کوردستان لەگەڵ نەتەوە دێرینەکانی کوردستان بکرێت لەرووی زمان وشوێنی جوگرافی وئاین وکلتوروفەرهەنگ وبۆماویانەوە ئەوا ئەوراستیانە دەسلمێنرێن. کەسەرجەم هۆزوخێڵ وخەڵکی کوردستان بەهەمووپێکهاتەو تایبەتمەدیانەوە ڕێک بەشێکی دانەبڕاوی نەتەوە دێرینەکانی کوردستانن لەرووی رەگەزو بنەچەوهەموئەولایەنانەی تریشەوە کەباسکران. بۆنمونە فەیلیەکان پەیوەندیەکی راستەوخۆیان هەیەبەسومەرەوەلەرووی شوێن وسنوری جوگرافی وزمان وئاین وفەرهەنگ وبۆماوەییەوە، بەپاشماوەی نەتەوەی سومەر دادەنرین، ئەو کوردانەی ئەمرۆ لە ناوچەی بەدرە و جەسان و شوێنی نزیک لە پاشماوەی شارە سومەرییەکاندا دەژین ولەوپەڕی باشوروباشوری رۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت تائەمڕۆش ناوچەیەک بەناوی (سۆمار) لەناوچەکانی ئیلام ماوە کە پەیوەندی بەسومەرەوە هەیە. بەوپێیەش کوردی فەیلی بەشێکی سەرەکی پێکهێنەری نەتەوەی کورد دادەنرێن، واتە سومەرکاریگەری راستەوخۆی خۆی هەبووە لەدروستکردنی بنەچەی کورد دا. ئەوەش سەلمێنراوە کە سومەر نزیکایەتیان لەگەڵ کورد و نەتەوە کۆنەکانی کوردستان وەک سوباری و کاشی و گۆتی و لۆلۆی و خوری میتانی و ئیلامی و هەیە. هەروەها زۆربەی هۆزوخێڵ ولقەکانی تری پێکهاتەی نەتەوەی کورد دەچنەوەسەررەگەزی نەتەوەدێرینەکانی کوردستان وەک وزێباری بۆسوباری ، هەورامی بوهۆری ومیدی ونەهەری بۆنائیری دەگەڕێتەوەو....هید لەم روانگەیەوە دەتوانین قۆناغەکانی دروست بوونی نەتەوەی کورد بەم دولایەنە بخەینەروو یەکەم/ رەچەڵەکی کورد دەگەڕێتەوەبۆ کۆمەڵێ مرۆڤی بەرایی وگەلان ودانیشتوانی بنچینەیی ورەسەن وپێشەنگی کوردستان وەک: :(فوراتیەسەرەتایەکان، سومەر، سوباری، گوتی، ،لولوی، هوری و میتانی وئیلامی) کەبنەماوپایەی سەرەکی دروست بوونی نەتەوەی کوردن لەهەزارەی سێیەم ودووەمی پ.ز دا.

دووەم/ کۆمەڵەی (هندۆئێرانی وهیندۆ-ئەوروپی وئاری نەژادەکان) وەک (کاشی–کاسی، ئورارتو،نائیری و ماناو میدی و کورتی، کیمیري وسکایەکان، کاردۆخی...)لەهەزارەی دووەم ویەکەمی پ.ز دا کەرۆڵ وکاریگەری زۆر دیاریان گێرا لەدروست کردنی نەتەوەی کورد دا بەتایبەتی میدیەکان کەبەیەکەخەری سنوری جوگرافی ورامیاری وزمان وئاین


fatihabdullah985@gmail.com

وفەرهەنگ وشارستانی كورد دادەنرێن كەسەرجەم گەل ونەتەوەوخەڵك ودانیشتوانی پێشەنگ و نەتەوەكانی(هندۆئێرانی وهیندۆ-ئەوروپی وئاری نەژادەكانیان) لەخۆیاندا تواندەوەئاوێتەی خۆیانیان كرد. ئیتر لێرەوە كورد بەنەتەوەیەكی هیندۆ-ئەوروپی وئاری نەژاد ناسراوە بەبەشێكی سەرەكی لەخێزانی گەلانی هیندوئەوروپی دانراوە. هەروەها لایەنێكی تر كەهەر پەیوەندی بەم خاڵەوەهەیە لێكدانەوەی زاراوەی ناوی كوردە لەسەرچاوەكاندا كە وەك بەڵگەیەكی تر بۆسەلماندی ئەوەی كورد پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بەنەتەوە دێرینەكانی كوردستانەوە وئەونەتەوانە وەك خاڵی سەرەكی وبنەڕەتی لەرووی رەگەزوناوەوە وابەستەی نەتەوەی كوردن لەئەمڕۆدا. ئەم زاراوەیە یان بنچینەی ناوی (كورد) كەناوی نەتەوەی كوردەلەسەرچاوە مێخی ومێژوویەكاندا بەچەندین شێوەهاتووەكەزۆربەیان لەیەكەوەنزیكن ومانناى ناوی كورد دەدەن وبۆگەلی كورد ودانیشتوانی كوردستان بەكارهاتوون. وەك (كاردا،كەردا،كردا ، كاردۆنیاش، كورتی ، گوتی ، كورتا ،مید، گورد ، كاردۆخی ، كارداكا ، كارداك ، كوردوا ، كوردۆنین ، كوردچیخی، قردو ، كاردۆ ،قوتي -جودي ، قوردای ، قاردۆ ، قردی، بقردی ،كرد، ئەكراد ، كورد ). ئەوەبابەتێكی روونەكەزاراوەی كورد بۆئەوناوانەی سەرەوەدەگەڕێتەوە كەهەریەكێك لەناوانەبۆنەتەوەی كورد بەكارهاتوون لەسەردەمێكی جیاواز دا. لێرەدا ئەوەدەخرێتەرووكە بۆیەكەم جار ناوێك لەمێژوودا بەكارهاتبێت بۆكورد وشەی (كردا ، قردا ، كاردا ، كەردا ) كەلەهاوشانی وشەی گوتی وسوباری دالەسەرچاوەسومەریەكاندا هاتوون. مەبەست لێی كورد ودانیشتوانی كۆنی كوردستان بووە. ئەم نووسینەش لەسەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەمی سومەریەكاندا بووەلەساڵانی(٢١١٣-٢٠٠٤)پ.زلەماوەی دەستەڵاتی (شوسین)دابوە. ئەم بەڵگەیەش زۆر لەراستیەوە نزیكە كە وشەی (كورد) لە(كردا)ی سەرچاوەمێخیەكانە وەوەرگیرابێت كەدرایڤەر باسی دەكات، كەواتە بنچینەوریشەی زاراوەی كورد دەگەڕێتە وەبۆهەزارەی سێیەمی پ.زكەبێگومان ئەمەش راستەوخۆپەیوەندی بەرەگ وریشەوبنەچەی كوردەوەهەیە. ( گ ، و ، درایڤەر : ٢٠٠٥ ،ل١٠-١١). دیسان ناوی كورد پەیوەندی بەوشەی (گوتی، گوتو، كوتی، كورتی، جودی...) كەلەسەرچاوە سومەری وئەكەدی وئاشوری و بابلیەكاندا هاتووەونزیكایەتی لەنێوان (كوتی،گوتی،كورتی ،گورد،كورد)داهەیە.( دیاكونوف: ١٩٧٣، ل١٦٢) -( خصباك : ١٩٧٢،ص ٥١٢).
هەروەها ناوی كورد پەیوەندی بەوشەی (كوردۆنیاش-كاردۆنیاش)ەوە هەیە كە لەسەرچاوە ئەكەدی بابلیەكاندا هاتووەونزیكایەتی لەنێوانیان (كاردۆنیاش وكورد)داهەیە. كەلەسەردەمی دەستەڵاتی كاشیەكاندا(١٥٩٠-١١٦٢پ.ز) بۆدەستەڵاتیان بەكارهاتووە لەمیسۆپۆتامیاو كوردستاندا بۆ ماوەی چوارسەدە فەرمانڕەوابوون. لەسەرچاوە عیبری وئارامیەكاندا بە(بیت قردو ،قردای،بقردی،قردی) سەرەڕای ناوەكانی (كاردۆخۆی وكورتی وكورتیو، كارداك، كوتی،كوردا ) كەلە سەرچاوە یۆنانیەكاندا لەلای زینەفون پۆلیپۆس وسترابۆودواتر هەریەك لە ئەمیانوس وماسیلۆس وهیپۆكراس بە( كوردیني) و بلوتارخ بە( كوردینیوس و كوردوك) ناوی بردوون ومەبەست لێی نەتەوەی كوردبووە، كە تائەمڕۆش لەیۆنان كوردۆس بەكاردێنن بۆكورد. (زەینەفوون : 2006، ل١٣٧) لای ئەرمەنیەكانیش وەك( فاوسیتۆس وموساهورێنی) بە (كۆرتس چیك و كۆردۆیێن ) و (كوردچیخی ) و كوردخي كورتي) هاتووە. هەروەها لەسانسكریتیدابە (كورتا) ولەفارسی كۆندا بە(گورد)هاتووەكە مانای پاڵەوان وئازادەگەیەنێت وپاشان لەسەردەمی ئەشكانی وساسانیدابە بە(گورد،كورد،كوردان)هاتووەوبەیەكجاری بۆگشت نەتەوەی كورد بەكارهاتووە وئیتر لەوە بەدواوە هەمووخەڵك ودانشیتوانی كوردستانیش بەكورد دانراون وەك لەسەرچاوەئیسلامیەكاندا بە (الكورد) جێگیركراوە وئیدی هیچ گومانێك لەبوونی كوردونەتەوەی كورد ناكرێت. (میهردادئیزدەی: ٢٠٠٧ ل٨٤-٨٥) هەربۆیە


fatihabdullah985@gmail.com

لەبەررۆشـنای سـەرچاوەكانی مێژوداسـەرەڕای تاقیكردنەوەزانسـتی وزمانەوانیەكـانیش ئەوەراسـتیانە دەیسـلەمێنن كە نەتەوەی كـورد دەگەڕێـتەوە سـەرباوانێک کەلەگەڵ ونەتەوەکۆنەکانی دانیشتوانی کۆنی کوردستانەوە هاتبن. دەکرێت ناوی ئەم بۆچونە یان ئەم تێوریە بنرێـت تێـوری كـورد نەوەی گەلەرەسـەن ودێرینەكـانی كوردسـتانە بەهەردووشـەپۆلی (سەرەتای- بنچینەیی) و(هیندۆئەروپیەکان-ئاری نەژاد)ەوە ، ئەوانەش بـوونەتە دروسـت بـوونی رەگ وریشەوبنەچەی نەتەوەی كورد. وەك چۆن ئێستا كورد نەتەوەیەكـی یەكگتووی فرەشێوەزار وفرەناوچەوفرەئـاین وفرەكلتوروفەرهەنـگ ورۆشـنبیری جیـاوازە. هەروەهـا ناكرێـت نەتەوەیەكی وا رەسەن وخاوەن شارستانی گرنگ ودەوڵەمەنـد ومێژوویەكـی پڕلەفرەرەنگـی تەنهـا لەگەلـی گـوتی یـان تەنهـا لەمیـدیا و نەتەوەیەكـی تـرەوە سـەرچاوەی گرتبێت. واتە سـەرجەم گەل ونەتەوەكۆنەكـان رۆڵ وكـاریگەری خۆیـان هەبوولەدروسـتكردنی رەچەڵەكـی نەتەوەی كـورددا. بەبەڵـگەی بـوونی فرەفەرهەنگـی وشـێوەزاروئاین وبەڵـگەی ئەوەی تـاقیكردنەوە زانستیەكان ئەوەیان سەلماندووە كورد تێكەڵەیەكە لە رەگەزوتوخمی نەتەوە كۆن بنچینە و رەسـەن وپێشـەنگەكانی كوردسـتانن. بەڵـگەش بـۆئەم بابەتەدەرئەنجـامی تـوێژینەوە زانستیەكانەلەسەربنەچەی كورد. هەروەك چۆن لەدوا هەوڵ و دواتـوێژینەوەدا كە لەسـەر كـورد ئەنجامـدراوە بەبەكارهێنـانی رێگـای زانسـتی (میـت دی ئـێن ئـای وای كرۆمۆسـۆم) ئەوەی سـەلماند كە بـاوەگەورەی كـورد لەتـوخمی دانیشـتوانی بنچینەیـی یەكەمـی نـاوچەكەبوون لەچـاخی بەردینـی نـوێ وسـەردەمی گەل ونەتەوەدێرینەكـانی دواتـر دا لە ناوچەكـانی میسـۆپۆتامیاوباكوری میسـۆپۆتامیا وبـاكورو رۆژئـاوای ئێـران دا. كەمەبەست لەم شـوێنانەش كوردسـتان دەكـات و بەشـێوەیەكی گشـتی لەناوچەكـانی رۆژهەلاتـی كـۆن وئۆراسـیادا، هەربۆیە بـاوەگەورەی كورد لەم ناوچـانە ژیـاون دوای ماوەیەكی زۆرگۆڕان بەسەرزمان ولایەنـی كلتـوری و رەگەزی و بۆماوەییانـدا هـاتووە بەكاریگەری كۆچ وهـاتنی گەلانـی ئێرانـی زمـان وئەوشـەپۆلە كـۆچەبەرانەی تـر كە لەئاسـیاوەهاتونەتە نـاوچەكەو تـێكەڵ بەخەڵكـی رەسـەنی كوردسـتان بـوون و بـوون بەبەشـێكی سەرەكی لەپێكهاتەی نەتەوەی كوردو دانیشتوانی كوردستان.

## دەرئەنجام

لەبەررۆشنایی سـەرچاوەمێژووی وتاقیكـاری وشیكاریی زانستی بۆسـەلماندنی بنەچەی كورد دەگەیـنە ئەوئەنجـامەی نەتەوەی كـورد وەك نەتەوەیەكـی رەسـەن وبنچینەی خەڵكی رەسـەنی كوردسـتانن ودەگەڕێـنە وەسـەرباوانێك كەبەدرێـژای مێـژوو لەناوچەكـانی زاگـرۆس ومیسـۆپۆتامیا و ناوچەكـانی تـری كوردسـتان ژیاون. بەتـایبەتی نەتەوەدێرینەكانی كوردستان. هەربـۆیە سـەرجەم گەل ونەتەوەكۆنەكـان رۆڵ وكـاریگەری خۆیـان هەبـووە لە دروسـتكردنی بنەچەونەژادو رەچەڵەكی نەتەوەی كورددا.

## لیستی سەرچاوەكان

Arthur Contterell:( 1980), Ancient Civilizations, London.

Brian. M. Fagan:( 1998),People of the Earth, USA.

David and Ruth(1973), Archaeological Atlas of the World, London.

Ephrahaim Avigdor Speiser;( 1930), Mesopotamian Origins,Philaddelphia.

Ferdinand Hennerbichler:( 2012) The Origin of Kurds, Advances in Anthropology. Vol.2, No.2,

(Published Online May 2012 in SciRes (http://www.SciRP.org/journal/aa) DOI:10.4236/aa.2012.22008.

Herodots: Herodotus; (1942) The Persian Wars, Translated By, George Rawlinson, the Modern Library, New York.



fatihabdullah985@gmail.com

Garnik. Asatrian:(2009), Iran and Caucasus 13,Brill,LeidenProlegomena to the Study of the Kurds. Yerevan State University file:///C:/Users/Besttachnology/ /GARNIK_ASATRIAN_PROLEGOMENA_TO_THE_STUDY.pdf.

Michael Cook: (2003,), ABRIEF HISTORY OF THE HUMAN RACE, NEW YORK, LONDON,

Oppenheim, A. (2001), “The Y Chromosome Pool of Jews as Part of the Genetic Landscape of the Middle East”, the American Journal of Human Genetics, N 69(5): 1095-1112. https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC1274378/Am J Hum Genet. 2001 Nov; 69(5): 1095–1112.

Paul. G. Bahn: (2007) CAVE ART, London, ,

Timothy Darvill: (2002),Archeology, Oxford University.

Yuval Noah Harary:( 2014), Sapiens A brief History of Humankind, London.

ئو.ل.ڤیلیڤیچسکی ( 2000) نەژادی کوردورەوتی میێژووی دروست بوونی میلەتی کورد، وەرگێڕانی ،رەشاد میران،چ٢،هەولێر.

داروین ، چارليز رۆبێرت (٢٠٠٤) أصل الأنواع ترجمە،مجدى محمود المليجى،ط١،القاهره.

دیاکونوف ( ١٩٧٣)میدیا، ،وەرگێڕانی، برهان قانع، بغداد.

زەینەفون (2006)،گەشتەکەی زەینەفون، چ١، وەرگێڕانی، مەسعود محەمەد،هەولێر.

مەرعی ، فرسەت (2010)،کوردوکوردستان مشتومڕی ئەفسانەومێژووئاین،چ١،وەرگێڕانی ئامانج نعمەت،خانەی هزر،چاپخانەی گەنج.

ڤلادیمیر مینۆرسکی ( 2007)،بنچینەکانی کورد،وەرگێڕانی ،نەجاتی عەبدوڵلا.چ١.

گ.و.درایڤەر (٢٠٠٥)،درایڤەروکورد، وەرگێڕانی ،ئەنوەر سوڵتانی،بنکەی ژین،سلێمانی.

خصباك، شاكر ( ١٩٧٢)، الاكراد دراسة أثنوغرافيا ، بغداد.

مەندەلاوی ،محەمەد مەحمود:( ٢٠٠٩)،مێژوو وشارستانییێتی کورد،چ١،هەولێر،

میهرداد ئیزدەی(٢٠٠٧)،چەردەیەک لەبارەی کوردانەوە،وەرگێڕانی ،ئەمین شوان،چ١،چاپخانەی سەردەم،سلێمانی.



fatihabdullah985@gmail.com

## أصل الكرد فى المصادر التأريخية

**الخلاصة**

**هذا البحث تحت عنوان (أصل الكورد في المصادر التاريخية) ، الدراسة التاريخية والمقارنة والتحليلية حول أصل الكورد. الشعب الكردية هي واحدة من أهم السكان في الشرق الأوسط أو في العالم. من ظهور الإنسان عبر التاريخ حتى الآن. وكان لهم دور بارز وأهمية في بناء أو إنشاء الحضارات الإنسانية ، كما جاء في النصوص التاريخية. وهذا يعني أيضًا أن الكورد كانوا يتمتعون بأهمية عرقية كبيرة. لقد أصبح للأمة الكردية كل الأسس القومية. تحتوي هذه الدراسة على كل هذه التعقيدات والمناقشات والدراسات حول أصل الكورد أو العرقيات الكردية في الوقت السابق ، فهي تعرض مجموعة من الحقائق المتعلقة بهذه المشكلة ومحاولة الحل النهائي في هذا الوقت. لتحقيق هذا الغرض ، يمكن تقسيم البحث وجعله إلى فصلين. الفصل الذي ينقسم إلى الموضوعين. الفصل الأول: ظهور الجنس البشري و أصل الكورد.المبحث الأول: حول ظهور الجنس البشري.المبحث الثاني: أهمية الدراسات السابقة حول عرق الكورد. الفصل الثاني: علم الآثار والحديث التحليلي عن أصل الكردي. المبحث الأول: نظريه او طرق جديدة حول أصل الكورد. المبحث الثاني: رأي جديد حول أصل الكورد.**

***الكلمات الدالة:*** تاريخ كردستان القديم، أصل الكرد، حضارة كردستان القديمة

## THE ORIGIN OF KURDS IN HISTORICAL RESOURCES

**F**ATIH **A**BDULLAH **M**OHAMMED
Dept. of Social Sciences, College of Basic Education, University of Sulaimani, Kurdistan Region-Iraq

**ABSTRACT**

**This research is under the title (The Origin of Kurds in Historical Resources), the historical, comparative, and analytical study on the origin of the Kurds.**

**The Kurdish nationality is one of the most important populates in the Middle East or in the world. From the appearance of human through history until now. And they had a prominent role and importance in building or establishing human civilizations, as stated in historical texts. It also means that the Kurds were of great ethnic importance. It has become so that the Kurdish nation have all national fundamentals. This study carries with it all of these complications, discussions and studies on the origin of the Kurds or the Kurdish ethnicities in the previous time, it is showing a set of facts regarding this problem and trying a final solution at this time. To achieve this purpose, the research may be divided and made into two chapters.**

**Which chapter is divided into the two topics:**

**Chapter one: the emergence of human race, the Kurds Origin. The first topic: About the emergence of human race. The second topic: the importance of previous studies on the ethnicity of the Kurds the Kurd.**


**Chapter Two: The Archeology and Analytical Hadith on the Origin of The first subject: new theoretical on the origin of the Kurds. The second topic: a new opinion on the origin of the Kurds.**

***KEY WORDS:*** The origin of Kurd, Ancient History of Kurdistan, Ancient Civilizations of Kurdistan.




**fatihabdullah985@gmail.com**

## پاشكۆكان




**نەخشەی ژمارە (١)** تاقکی کاری شیکاری کورد / Y-DNA profile of speakers of the “Kurdish Complex)
( Hennerbichler 2012. Vol.2, No.2,p.67




**نەخشەی ژمارە(٢)** کوردوشوێنی باوانی کورد
Dominating J-lines in indigenous Kurdish ancestors Near-East & Eurasia .
Hennerbichler, 2012. Vol.2, No.2,p.69.)


fatihabdullah985@gmail.com